هەرکەسێک ڕێگایەک بگرێتە بەر بۆ فێربوونی (زانستی شەرعی)؛ ئەوا خوای گەورە ڕێگایەکی چوونە بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات

لە ئەبی دەردائەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک ڕێگایەک بگرێتە بەر بۆ فێربوونی (زانستی شەرعی)؛ ئەوا خوای گەورە ڕێگایەکی چوونە بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات، وفریشتەکان باڵەکانیان دادەنێن بۆ فێرخوازی زانستی (شەرعی) وەکو ڕەزامەندیەک لەسەر ئەم کارەی ئەنجامی دەدات، وهەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان وزەویدان داوای لێخۆشبوون (لە خوای گەورە) دەکەن بۆ زانا (عالم) تەنانەت ماسیەکانیش لە ناو ئاودا (داوای لێخۆشبوونیان بۆ دەکەن لە لای خوای گەورە)، فەزڵ وپلەپایەی زانا لەسەر عابید* وەکو فەزڵ وپلەپایەی مانگە بەسەر هەموو ئەستێرەکانی تر‌ەوە، زانایان میراتگری پێغەمبەران، وپێغەمبەران دینار ودرهەمیان بە میرات بە جێنەهێشتووە، بەڵکو (علم وزانست)یان بە میرات بەجێهێشتووە، بۆیە هەرکەسێك ئەو (علم و زانست)ە وەربگرێت (فێری ببێت) ئەوا بەشێکی زۆر لە خێری بۆ خۆی بردووە». *(عابید: واتە کەسێک خۆی یەکلایی کردبێتەوە بۆ خودا پەرستنی زیاتر لە فێربوونی زانستی شەرعی)

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرمـوودەیە ڕووونکردنـەوەی هەنـدێک لـە فەزڵەکـانی فێربـووونی زانسـتی شەرعـی تێـدایە: 1- هەرکەسـێک لـە ڕێگایەکدا بێت بیەوێت زانستی شەرعی فێر بێت وکردەوەی پێبکات یان بگەڕێت بە دوای زانستی شەرعیدا ئەگەر لە ماڵەوەش بێت ئەوا خوای گەورە ڕێگای چوونە بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات، وگرتنە بەری ڕێگای زانستی شەرعی ڕێگای هەستپێکراو دەگرێتەوە کە مرۆڤ بە پێیەکانی لەسەری دەڕوات، وهەروەها ڕێگای واتایی دەگرێتەوە؛ ئەمیش فێربوونی زانستی شەرعی دەگرێتەوە بەهۆی دانیشتن لە لای زانایان، یان پێداچوونەوە بکات لە نێو کتێبەکاندا وبیانخوێنێتەوە بۆئەوەی حوکمێکی شەرعی بدۆزێتەوە وفێر بێت، ئەم کەسە ڕێگای گرتووەتە بەر بۆئەوەی فێری زانستی شەرعی ببێت ئەگەرچیش لە شوێنی خۆیدا دانیشتبێت. 2- هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان وزەویدان داوای لێخۆشبوون بۆ زانایان دەکەن، تەنانەت ماسیەکان لە دەریاکاندا، ئاژەڵەکان لە وشکانیدا. 3- فریشتەکان باڵەکانیان ڕادەخـەن بـۆ فێرخـوازی زانسـتی شەرعـی ئەمیـش وەکـو نیشـانەیەک بـۆ ڕازی بوونیـان لەسـەر ئـەو کردەوەیـان، ودەربڕینی سادەبوون و بەمەزندانانی زانستی شەرعی وفێرخواز وفێرکارەکانی. 4- زانایان میراتگری پێغەمبەران، چونکە زانست وکردەوە وبانگەوازی بۆ لای خوای گەورە وهیدایەتدانی بوونەوەرەکان وڕێنیشاندانیان بۆ ڕێبازی خودا پەرستی وبۆ ئاینی ئیسلام وەکو میرات لە ئەوانە بۆ زانایان بەجێماوە. 5- فەزڵی زانا لەسەر عابید* وەکو فەزڵی مانگە بەسەر هەموو ئەستێرەکانەوە، چونکە نور وڕۆشنایی پەرستن تەنها بۆ عابیدەکەیە وناگوزارێتەوە بۆ کەسانی تر، ئەمیش وەکو نور وڕۆشنایی ئەستێرەکان وایە کە تەنها خۆیان دەدرەوشێنەوە، بەڵام مانگ نوری زانستی شەرعی وکاملبوونی دەگوزارێتەوە بۆ کەسانی تر وجگە لە زاناکە خەڵکانی تریش سوودەمەند دەبن، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەران لە پاش خۆیان میراتیان بۆ کەس بەجێنەهێشتووە لە شتومەکی دونیا، نە درهەم ونە دینار، وگەورەترین میراتی ئەوان بریتیە لە زانستی شەرعی، بۆیە هەرکەسێک فێریان ببێت ئەوا بەشێکی باشی بۆ خۆی وەرگرتووە ولێی سوودمەند دەبێت بۆ دنیا وبۆ قیامەتی، وئەمیش میراتی ڕاستەقینەیە کە سوودی هەیە، ونابێت مسوڵمان گومانی وابێت کە زانا کردەوە وپەرستنی کەم دەکات، وئەو کەسەیش عابیدە زانستی کەمە، بەڵام زانستی زاناکە زیاترە لە کردەوەکانی وهەروەها کردەوەکانی عابیدەکە زیاترە لە زانستەکەی، بۆیە زانایان میراتگری پێغەمبەرانن وهەردوو میراتەکەیان بەدەستهێنا، زانست وکردەوە، ئەمیش ئەوپەڕی کاملبوونە، ئەمە ڕێگای خوداناسان وپیاوچاکانە بۆ نزیکبوونەوە لە خوای گەورە -سبحانه وتعالى-. *(عابید: واتە کەسێک خۆی یەکلایی کردبێتەوە بۆ خودا پەرستنی زۆر زیاتر لە فێربوونی زانستی شەرعی)